پاپای ڤاتیکان گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی ڕۆما بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی

ئاژانسی هەواڵی ئیتاڵیا (ANSA) ئەمڕۆ چوارشەممە لە ڕاپۆرتێکدا بڵاویکردەوە، پاپا فڕانسیس پاپای ڤاتیکان گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی ڕۆما بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی، ئەوەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە چەند ڕۆژێکە توشی ئەنفلۆنزا بوە.

پاپای تەمەن 87 ساڵ ئەمڕۆ چوارشەممە بڕیاربو دیدارێکی هەفتانە ئەنجامبدات و وتار بخوێنێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی وتاری نەخوێندەوە، ئامادەی دیدارەکەش نەبو، ئەرکەکەی بە یەکێك لە یاریدەدەرەکانی سپێردرا و بە ئامادەبوانی وت کە هەست بە باشی ناکات.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر، ڤاتیکان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندبو، پاپا فڕانسیس بەهۆی توشبونی بە ئەنفلۆنزای سوکەوە کۆبونەوەکانی کە بڕیاربو ڕۆژی شەممە ئەنجامبدات، سەرجەمیانی هەڵوەشاندەوە.

پاپا فڕانسیس تەمەن 87 ساڵ ڕۆژانی شەممە، جگە لە کۆبونەوە تایبەتەکان، کۆبونەوەی بەردەوام لەگەڵ بەرپرسانی ڤاتیکان ئەنجام دەدات.

پاپا لە چەند مانگی ڕابردودا چەندجارێك توشی كێشەی تەندروستی بوە و بەھۆی نیشانەكانی ئەنفلۆنزا و ھەوكردنی سییەكان ناچار بوە گەشتێكی بۆ بەشداریكردن لە كۆنفرانسی گۆڕانی كەشوھەوای نەتەوە یەكگرتوەكان (COP28) لە دوبەی لە مانگی (كانونی دوەم/1)ی ئەمساڵ ھەڵبوەشێنێتەوە.